نووسینی: ڕینێ دیکارت

لە عەرەبییەوە:
ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

تێڕامانی میتافیزیکانە لە فەلسەفەی یەکەم

4 3 3 6 8
2007

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library



دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین ـ هەولێر

خاوەنی ئیمتیازو سەرپەرشتیاری گشتی: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل

بەڕێوەبردن: ئەژین عبدالخالق

ناوی کتێب: تێڕامانی میتافیزیکانە لەفەلسەفەی یەکەم

بابەت: لێکۆڵینەوەی فەلسەفی

ناوی نووسەر: ڕینێ دیکارت

وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە بۆ عەرەبی: د. کمال الحاج

ناوی وەرگێڕی کوردی: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل

پێداچوونەوەی: عەبدولموتەلب عەبدوللا

تایپ: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل

نەخشەسازیو بەرگ:

چاپخانە: تیشک

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردنی (٣٤٨).

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ دەزگای چاپو پەخشی ڕێبین.

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئەو کتێبەی بەردەستمان تێڕامانێکی میتافیزیکانەیە بۆ بوون لەمیانەی تێڕامان لەبوونی کەسێکدا کە خودی نووسەرەکەیەتی‌و یەکێکە لەناودارترین کتێبە فەلسەفییەکان لەسەر ناستی جیهانداو بۆ یەکەمجار لەسالی (١٦٤١) بەزمانی لاتینی بڵاوکراوەتەوە کە ئەو کاتە زمانی فەلسەفە‌و زانست بوو، دواتر لەلایەن دۆق دو لۆرین کورِی یەکێك لەوەزیرەکانی لویسی سێزدەیەمی فەرەنسا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسی لەژێر چاودێری‌و سەرپەرشتی خودی دیکارت خۆیدا کە پێیدا چووەتەوە‌و هەندێك شتی تازەی بۆ زیاد کردووە، دەقی کوردی ئەو کتێبە لەدەقێکی عەرەبی وەرگیراوە کە دەقاودەق لەدەقە فەرەنسییەکەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

یەکەم وەرگێڕانی کوردی ئەو کتێبە لەماوەی نێوان مانگی تەموزو مانگی ئابی سالی (٢٠٠٦)دا ئەنجامدراوە، دواتر لەمانگی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا هەر لەلایەن خۆمەوە جارێکی تر بەراود کراوەتەوە، ئینجا دراوەتە کاك عبدولوتەڵب عبدالله بۆ ئەوەی ئەویش لەلای خۆیەوە جارێکی تر بەکۆی وەرگێڕانەکەدا بچێتەوە‌و ئەویش بۆچوون‌و تێبینی خۆی زیادکردووە بۆ ئەوەی دەقی کوردی کتێبەکە بەباشترین‌و جوانترین‌و نایابترین شێوە بگاتە دەست خوێنەر.

لەهاوینی سالی (١٩٩٨) دا کاتێك بەرگی یەکەمی کتێبی (ئەپستۆلۆژیاو فەلسەفە)م دەنووسی، زۆر پێویستم بەوە بوو دەقی عەرەبی ئەو کتێبەم

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دەستکەوێت، چونکە من لەوێدا زۆرتر هانام بردۆتە بەر گومانی دیکارتیو بەشێکی تایبەتیم بۆ گومان تەرخانکربوو، بەڵام بەداخەوە من نەو کاتە نەو کتێبەم دەست نەکەوت.

لەبەهاری ساڵی (١٩٩٩)دا کرێکار بووم لەسەموونخانەی نازادی سەر ڕێگای گشتی هەولێر کەرکوک لەنزیک پاریگای هەولێری نێو دەوڵەتی، بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ ناچار بووم ڕۆژانە بەپێ بەرەو ناو بازاڕ بۆڵای دەلالخانە شۆڕ ببمەوەو لەوێ لەچێشتخانەی شیمال نانی نیوەڕۆم دەخوارد، دواتریش هەر بەپیاسە بەرەو لای کتێب فرۆشەکانی بن دیواری قەڵات دەڕۆیشتمو چاوێکم بەکتێبەکاندا دەخشانداو سەرێکی ماموستا عیمادی خاوەنی کتێبخانەی (هێربوون)م دەداو پرسیاری کتێبی تازەم لێدەکردو بەردەوامیش بەهۆی کڕینی کتێبەوە پارەیەکی زۆری قەرزار بووم.

نەو ڕۆژە پێی گووتم هەندێك کتێبی تازەم کڕیوەتەوە ڕەنگە تۆ حەزت لێیان بێت، یەکێك لەکتێبەکان نەو نوسخە عەرەبییەی تێڕامانە میتافیزیکییەکانی دیکارت بوو. کاتێك کتێبەکەم بینی شاگەشکە بووم‌و یەکێك لەناواتەکانم هاتە دی کە نەو کتێبە نایابە ببینم‌و بخوێنمەوەو لەنێو کتێبخانەکەمدا هەبێت، چونکە دەمزانی لەزۆر لێکۆڵینەوەی تردا کارم پێی دەبێت.

نەو کاتەی کتێبەکەم لێ وەرگرت‌و بەهۆی نەوەی زۆر تامەزرۆی بینینی بووم‌و دەمزانی ڕەنگە کەسانێکی زۆری وەکو منیش هەبن بیانەوێت نەو کتێبە ببینن‌و بیخوێننەوە، بەڵام دەستیان ناکەوێت، نەو کاتە بڕیارمدا بیکەمە کوردی‌و بڵاوی بکەمەوە.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دوای ئەوەی چەندجارێك خوێندمەوە، ئەو کاتە هەستم کرد کتێبێکی قورسەو گەیشتمە ئەو بڕوایە من ناتوانم وەکو ئەوەی دەمەوێت وەریبگێڕم، بۆیە کتێبەکە مایەوە تاوەکو هاوینی ساڵی (٢٠٠٦) کاتێك دیسان گەڕامەوە سەری‌و هەستم کرد دەتوانم کاری وەرگێڕانەکەی باشتر و تەواوتر بکەم، ئەوە بوو دەستم پێکرد.

لەگۆتاییەکانی مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٧) دا کاك عەبدولوتەڵب عەبدوڵڵا کتێبەکەی پێدابوومەوە بۆ ئەوەی تێبینییەکانی ئەو چاك بکەمەوەو کارم لەسەر دەکرد. ڕۆژێکیان چوومە بازاڕو سەردانی کتێبخانەکانی بن دیواری قەڵاتم کردو، لەلای کاك حسن لەکتێبخانەکەی ئەودا باسی ئەو کتێبەم بۆ کرد، ئەویش پێیڕاگەیاندم کە مامۆستای بەڕێز د. حمید عزیز کتێبێکی دیکارتی لەئەڵمانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، کاتێك داوام کرد کتێبەکەم پیشان بدات، کتێبەکەم بینی ناونیشانەکەی کەمێك جیاوازتر بوو، بەڵام زانیم هەمان ئەو کتێبەی دیکارتە کە من وەرمگێڕاوە.

بەڕاستیش ئەو کتێبەی مامۆستا لەساڵی (٢٠٠٥) لەسلێمانی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕانی سەر بەوەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە چاپو پەخشکرابوو، خەمێکی زۆر دایگرتم کە چۆن ئەو کتێبە بڵاوبۆتەوەو من نەمبینیوەو نەمزانیوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێم وایە ناساییە کتێبێك لەلایەن چەند وەرگێڕێکەوە وەربگێڕدرێت‌و نموونەی ئەو کتێبانەش زۆرن کە لەلایەن چەند کەسێك‌و چەند جارێکیش وەرگێڕدراون.

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library